# ئازاد ساڵح لێپرسراوی تیپی مۆسیقای شنروێ

هەر لە سەرەتای مێژووەوە پەیوەندییەکی گرێ دراو لە نێوان مرۆڤ و هونەر بە کار و کاردانەوە هەیە. هونەری مۆسیقاش پەیوەندییەکی رۆحی نێوان مرۆڤ و مۆسیقا و دەربڕینە بە گۆرانی گەر لەمەڕ مۆسیقاش بدوێین مۆسیقا وەك هونەر و زانست کاردانەوە لەگەڵ دەنگ + کات کاتیش تۆخمێکی سەرەکییە بۆ دیاری کردنی ئیقاعی مۆسیقییە لەمەشەوە مەحاڵە بڕوانینە مۆسیقا بێ کات _ کاتی کار کردن. کاتی خوێندندوە _ کاتی پشوودان _ تەنانەت لەو کاتەی کە خەو دامان دەگرێت لەو کاتانەش دەیان بیرەوەری رابردوو بە گرێ دانی بە ئێستاو ئۆمێدیش بۆ پاشەڕۆژ کە دەیان هیوای خەفە کراوی بەدواوەیە، ئالەم ساتانەدا هونەری مۆسیقا و گۆران پتر لە هونەرەکانی دی وەك شانۆ و شێوەکاری و هونەری بیناسازی مۆسیقا خۆی لە هەموو کونج و کەلەبەرێکی ژیاندا خۆی دەبینێتەوە بەم شێوەش دەبێت بە بەربلاۆترین هونەر و خاوەن شەعبیەتی زەر تاوای لێدێت هەر لە مناڵی باخچەی ساوایان تا دەگاتە هەرزەکاران و پیاوان و تەنانەت پیران هەرجۆرە چێژێکی لێ وەرگرێ تایبەتی خۆی هەبێت ئەمەش دەگمەنە لە هونەرەکانی تردا.

بەم شێوەیەش گوێگر دابەش دەبێت بە دیاری کردنی تەمەن، پاشانیش بە دووبەشی دی لە گوێ بیست کە تایبەت و گشتییە واتە ئەوانەی کە بە قووڵی رۆچوونەتە ناو تێگەیشتن لە لایەنە جیاوازەکانی ئەم هونەرە و لەگەڵ وردەکارییەکانیدا چێژی خۆیان برەو پێ دەدەن و مۆسیقا لەگەڵ هەستەکانیان تێکەڵ دەکەن و رۆژانە ژیانیان ئاوێزانی دەبێت و هیواکانیان پەیوەست دەکەن بەبەها جوانەکانی مرۆڤەوە، گشتیش کە زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵن و بەسەر زارەکی و ساکاری رۆژانە گوێ دەگرن و دوای (باو) دەکەون وەك هەموو دیاردە باوەکانی تری کۆمەلایەتی و مۆدیلەکان و زۆربەی زۆری لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا دەگۆڕێن و وەك بڵقی سەر ئاو نامێنن.

ئالێرەدا دەبێ رۆڵی هونەرمەند و راگەیاندنەکان ئەوە بێت کە ئاستی هونەر و چەشەی هونەری گوێگر بکات بە چێژ وەرگرتن کە هەمیشە رەخنە و پرسیار دروست بکات و بکەوێتە بەراورد کاری نێوان ئەم یا ئەو، ئەم وڵات یان ئەو وڵات، ئەم مۆرك یان ئەو مۆرك.

هێندەیشی پەیوەندی بەلایەنی دووهەمی پرسیارەکەوە هەیە، زۆر کراوە و وڵام دانەوەی هەر کەسە و بیرکردنەوەی رەنگدانەوەی وڵامەکەیەتی. ئەمن دەڵێم ئایا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەستە مرۆییەکان چون یەك نییە؟ ئایا مرۆڤ تا ئێستاش لە نامۆبوونێکی بەردەوام ناژی لەگەڵ لایەنە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان بۆیە هونەریش هیوایەکە و هۆیەکە بۆ دەرباز بوون لەو نامۆبوونە، واتە هەستە مرۆییەکان یەکن، بەلام شێوەی دەربڕین بە پێی مێژووی جوگرافی و کۆمەلایەتی و تەنانەت چینەکانیش جیاوازن جا چ جای جیاوازی نەتەوایەتیش،هێندەی وڵاتان مێژوویەکی کۆنیان هەیە لە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بەمەش توانیویانە هونەری مۆسیقاشیان وەك هەر هەموو لایەنەکانی تری مەعریفەیان برەو پێ بدەن و مۆسیقا و گۆرانی میللیان بە تیۆر بکەن و ئەرشیقی بکەن و مەقام و شێوەی دەربڕینەکان دەست نیشان بکەن و دەیان پەیمانگا و ئاکادیمیا و دامەزراو وەدی بهێنن و چەندین داهێنان لە بواری هونەری مۆسیقا پێشکەش بە مێژووی مرۆڤایەتی بکەن.

وەك سەمفۆنیا، سۆناتا، کونشرتۆ، تەنانەت کەنیسەش بەشداری لە داهێنانی چەند جۆرێکی کۆراڵ، بگرە چەندان گۆرانی میللیان ئاوێتەی کارەکانیان کرد.

ئایا داهێنانی ئامێرە مۆسیقییەکان هەر لە ئامێری پێستی یان ژێدار یان هەوایی هەر هەموویان داهێنانی سەرجەم شارستانیەتییەکانی مرۆڤایەتی نەبوون؟

تا ئێستاش هەر نەتەوە و خۆی بە داهێنەری دەزانێت، بەلام لە راستیدا هەر میللەتێك بە پێی پێشکەوتنی شارستانی و مێژووی و هۆشیاری خۆی بەشداری تێدا کردووە تەنانەت بە کوردیشەوە بۆیە دەڵێم کە مۆرك لەو شتە پیرۆزانە نییە کە هەرگیزاو هەرگیز نەتوانین دەستی لێبدەین و توخنی نەکەوین و وەك خۆی رێژەی نەگۆڕێت و

هونەرمەندان ببنە کۆیلەی هونەری رەسەن و داهێنان لەو ساتانەدا دەگاتە بنبەست و لە جیاتی ئەوە هەنگاوێك بۆ پێشەوە بێت چەند هەنگاوێك بەرەو دواوە دێت، لەو کاتانەش دەیان کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرە و رێکخراو هەر هەموویان بازنەیەکن لە دەوری خۆیاندا دەسوڕێنەوە و هونەری بەرزی مۆسیقاش دەبێتە ئالأی رەنگاڵەی گروپ و رێکخراو کە گێژاوێك دروست دەکەن، وەك ئەوەی ئێستا ئەم هونەرەی تێدا دەبینینەوە، بۆ دەربازبوونیش تەنها خۆبەستنەوەیە بە زانست و فێربوون و بە فرێ دانی دەمامکەکان و قاڵبوونەوە لە خۆماندوو کردن و گەڕان بە دوای سەرچاوەکان و دابینکردنی ژیانی مرۆیی بۆ ئەوانەی کە چالاکن لە بوارەکەدا و ئەو کاتانە سەرەتایەك دەبێت بۆ ناسینەوەی کورد وەك میللەتێك لە رووی مۆسیقا و گۆرانییەوە.

کوردستانی نوێ – ئەدەب و هونەر
ساڵی نۆیەم _ ژمارە (2082)
پێنج شەممە رێکەوتی: 2000/2/24
لاپەڕەی 7